## بۆ / سه‌رۆكایه‌تی ئه نجومه‌نی نیشتمانی كوردستان ـ عیراق

## ب / ڕا پۆرتی لیژنه‌ی یاسا

لیژنه‌ی یاسا , به‌یانیی رۆژی چوارشه‌ممه (24)ی ریبه‌ندانی /2707ی كوردی رێكه‌وتی 2008/2/13 بۆ لێكۆلێنه‌وه‌ی پرۆژه یاسای ئه‌نجومه‌نی راوێژكاری بالاّ كۆبووه‌وه كه له‌لایه‌ن ئه‌نجومه‌نی وه‌زیرانی هه‌رێمی كوردستانه‌وه پێشكه‌ش كراوه و دوای خوێندنه‌وه‌ی یه‌كه‌می له‌په‌رله‌مان له‌دانیشتنی نائاسایی ژماره (1)ی رۆژی (2007/7/10)دا هه‌والّه‌ی لیژنه‌كه‌مان كراوه, پاش گفتوگۆو راگۆڕینه‌وه, به‌ئاماده‌بوونی وه‌زیری دادو راوێژكاره‌كانی و نوێنه‌ری ده‌سه‌لاّتی دادوه‌ری و سه‌رۆكی دیوانی نووسینه‌وه‌ی دادوه‌ریی هه‌رێم, لیژنه‌كه‌مان راپۆرت و راسپارده‌كانی خۆی, له‌باره‌ی پرۆژه‌كه‌وه وه‌ك ئه‌مه‌ی خواره‌وه پێشكه‌ش ده‌كات:

لیژنه‌كه‌مان له‌سه‌ره‌تاوه ته‌ئیدی پرۆژه‌كه ده‌كات, چونكه ئه‌و یاسایانه‌ی كه له هه‌رێمدا كاریان پێ ده‌كرێت, چ له‌دیوانی نووسینی یاسایی و , چ له‌باره‌ی راوێژكاریی یاسایی و چ له‌باره‌ی دادوه‌ریی ئیداری و ناكۆكیی ئیداری و, چ له‌باره‌ی یه‌كبوون و یه كخستنی یاسایی و داڕشته‌ی یاساییه‌وه ، روون نینه‌و بالوێن.جا له‌به‌ر ئه‌وه‌ش كه ئه‌م ده‌زگایه ده‌زگایه‌كه له ده‌زگا جێبه‌جێكاره‌كانی وه‌زاره‌تی دادو ، ئیش و كاره‌كانیشی به یه‌كجاری له ده‌سه‌لاّتی دادوه‌ری جیاكراوه‌ته‌وه ، هه‌روه‌ها به‌و مه‌به‌سته‌ش كه دادگای ئیداری بۆ یه‌كه‌م جاره كه له هه‌رێمدا دائه‌زرێت و ، ئه‌نجومه‌نی به‌رزه‌فتی فرمانبه‌رانی هه‌رێمیش بێته كایه‌وه هه‌ڵ بۆ فه‌رمانبه‌رانی هه‌رێم بڕه‌خسێنێت له به‌رده‌میدا تانه له بڕیار گه‌لێ بگرن كه سه‌رۆكه‌كانیان ده‌رهه‌قیان ده‌ریان ده‌كه‌ن ... لیژنه‌كه‌مان، پاش ره‌چاوكردنی هه‌موو ئه‌و شتانه ، پێشنیاز ده‌كات دیباجه‌یه‌كی نوێ بۆ پرۆژه‌كه دابرێژرێت و ، ناوی پرۆژه‌كه بكرێت به ( یاسای ئه‌نجومه‌نی راوێژكاری هه‌رێمی كوردستان –عێراق) ، هه‌روه‌ها زنجیره‌ی ره‌نووسه‌كانیش به هه‌مان شێوازی یاساو بریاره‌كانی ئه‌نجومه‌نی نیشتمانی كوردستان – عێراق به نووسین بنوسرێن و، زنجیره‌ی مادده‌كانیشی كه له‌مادده‌ی سی و یه‌كه‌وه‌به هه‌ڵه له‌پرۆژه‌كه‌داهاتووه بخرێته وه سه‌ربار :

1. ده‌رباره‌ی مادده‌ی یه‌كه‌می پڕوژه‌كه ، لیژنه پێشنیاز ده‌كات به‌م شێوه‌ی خواره‌وه دابرێژرێته‌وه

مادده‌ی یه‌كه‌م : مه به‌ست له‌م زاراوانه‌ی خواره‌وه ، له‌م یاسایه دا ، ماناكانی به‌رامبه‌ریانه :

یەکەم : هەرێم : هەرێمی کوردستان – عێراق .

دووەم : ئەنجومەن : ئەنجومەنی راوێژکاریی هەرێم .

سێیەم : سەرۆك : سەرۆکی ئەنجومەنی راوێژکاریی هەرێم.

2–دەربارەی ماددەی دووەمی پرۆژەکە ، لیژنە پێشنیاز دەکات کە بەپێی حوکمی ماددەی چوارەم ( یەکەم) لە یاسای وەزارەتی داد/ژمارە (13) ی ساڵی 2007، بەم شێوەیەی خوارەوە دابڕێژرێت :

ماددەی دووەم : (( ئەنجومەنێك لە هەرێمدا دادەمەزرێت ، ناو دەنرێت ( ئەنجومەنی راوێژکاری هەرێمی کوردستان –عێراق ) و ، لە لایەنی ئیدارییەوە پەیوەست دەبێت بە وەزیری دادەوە و، لە سەرۆك و جێگری سەرۆك و چەند راوێژکاری ژمارەیان لە چوار کەس پتر نەبێت پێکدێت.))

3–هەرچی ماددەی سێیەمی پرۆژەکەیە ، ئەوە، هیچ تێبینیەکی لەسەر نیەو ، وەك خۆی دەمێنێتەوە .

4–دەربارەی ماددەی چوارەمی پرۆژەکە ، لیژنە پێشناز دەکات کە تەنیا بڕگەی ( سێیەم ) ی بە سێوەیەی خوارەوە دابڕێژرێتەوە ((سێیەم : دەستەی بەرزەفتی فرمانبەرانی هەرێم : لە جێگری سەرۆك و بە ئەندامێتی دوو راوێژکار کە دەستەی سەرۆکایەتی دایاندەنێت ، پێکدێت . ئەگەر جێگری سەرۆکیش دیارنەبوو ، ئەوا، راوێژکاری لە پێشتر ( الاقدم) سەرۆکایەتی دەستەکە دەکات.))

5– هەرچی ماددەی پێنجەمی پرۆژەکەیە ، ئەوا هیچ تێبینیەکی لە سەر نیە .

6–- هەرچی ماددەی شەشەمی پرۆژەکەیە ، ئەوەش هیچ تێبینیەکی لە سەر نیە.

7–دەربارەی ماددەی حەوتەمی پرۆژەکەش ، هیچ تێبینیەکمان لەسەر نیە .

8– –دەربارەی ماددەی هەشتەمی پرۆژەکەش تێبینیمان نیە .

9–دەربارەی ماددەی نۆیەمی پرۆژەکەش هیچ تێبینیەکمان لەسەر نیە .

10– دەربارەی ماددەی دەیەمی پرۆژەکەش هیچ تێبینیەکمان لەسەر نیە .

11– دەربارەی ماددەی یازدەمی پرۆژەکەش هیچ تێبینیەکمان لەسەر نیە .

12– دەربارەی ماددەی دوازدەم پرۆژەکەش هیچ تێبینیەکمان لەسەر نیە .

13–هەرچی مادددەی سیازدەمی پرۆژەکەیە ، ئەوا ، لیژنە پێشنیاز دەکات بڕگەی ( 6) ی لێ لابدرێت چونکە بابەتی ئەم بڕگەیە بە ئەسڵ دەکەوێتە ژێر رکێفی دادگا ئاساییەکانەوە . زنجیرەکانیش پاش لابردنی ئەم بڕگەیە بخرێتەوە سەربار .

14–هەرچی ماددەی چواردەمە ، ئەوە لیژنە پێشنیاز دەکات بڕگەی (1) ی ماددەکە بەم شێوەیەی خوارەوە دابڕێژرێت :

(( 1– بڕیاری دادگای ئیداری ، لە ماوەی (30) سی رۆژ لە رۆژی دووەمی تەبلیغەوە یان بە تەبلیغ حسابکراوە ن وەتانەی تەمییزی لێ دەگیرێت لە لایەن داواکاری گشتی یان لەلایەن پێوەندیدارەکانەوەلە بەردەمی دەستەی گشتی ئەنجومەندا )) .

15– هەرچی ماددەی پازدەمە ، ئەوە لیژنە پێشنیازدەکات بەم شێوەیەی خوارەوە دابڕێژرێت :–
ئەگەر ئیشی تایبەتی دادگای دادوەریی و ئیشی تایبەتی دادگای مەدەنی تیك ترنجان ، ئەوا دەمراست ( المرجع) دەستەیەك لە شەش ئەندام دادەمەزرێنیٚ ، سیانیان قازیی دادگای پێداچوونەوەن کە سەرۆکی دادگای پێداچوونەوە دایاندەنێت و ، سیانیشیان ، سەرۆکی ئەنجومەن لە ئەندامەکانی ئەنجومەن هەڵیاندەبژێرێت . ئەم دەستەیە بەسەرۆکایەتی سەرۆکی دادگای پێداچوونەوە کۆدەبێتەوە و ، بڕیارەکەشی بنبڕەو ملزمە. ))

16–هەرچی ماددەی شازدەیە ، ئەوا ، لیژنە پێشنیاز دەکات بڕگەی ( یەکەم ) ی بەم شێوەیەی خوارەوە دابڕێژرێت :
(( سەروەرکاری ( اعمال السیادە) ، دەسەڵاتەکانی سەرۆکی هەرێم کە دەقەکانیان لە ماددەی دەیەمی یاسای ژمارە(1)ی ساڵی /2005ی/ هەموارکراوداهاتووە ، بە سەروەرکاری لە قەڵەم دەدرێن .))

17– هەرچی ماددەی حەڤدەم و هەژدەمە ، ئەوە ، لیژنە پێشنیاز دەکات کە لە یەك ماددەدا بە زنجیرەی ماددەی حەڤدەم یەکبخرێن و ، بەم شێوەیەی خوارەوە دابڕێژرێت و بە پێی ئەو زنجیرەی باقیمەنی ماددەکانیش بخرێنەوە سەربار

ماددەی حەڤدەم:

(( یەکەم: تانەلێدەر، بەرلەوەی تانەکە پێشکەش بە دادگای ئیداری بکات ، مەرجە شکاتی خۆی پیشکەش بەلایەنی ئیداری پێوەندیدار بکات و ، ئەم لایەنەش پێویستە لەسەری لە ماوەی (30) سی رۆژدا ، لەو رۆژەوەی کە شکاتەکەی لە لای خۆی تۆمارکردووە یەکلای بکاتەوە.
**دووەم:** ئەگەر شکایەتکار ، شکاتەکەی رەتکرایەوە ،یان لەو ماوەیەدا کە دەقەکەی لە بڕگە ( یەکەم)ی سەرەوەدا هاتووە یەکلاتەکرایەوە ، ئەوا بۆی هەیە لەماوەی (60) شەست رۆژدا، لە رۆژی کۆتایی ماوەی ناوبراوەوە ، لەبەردەم دادگای ئیداری تانە بگرێت ، دەنامافی تانە لێدانیشی نامێنێت .))

19–هەرچی ماددەی نۆزدەمی پرۆژەکەیە کە دەبێتە( ماددەی هەژدەم ) ، ئەوە لیژنە پێشنیاز دەکات بەم شێوەیەی خوارەوە دابڕێژرێتەوە ك–

1. (( دادگای ئیداری لە تانەکەی بەردەمی دەکۆڵێتەوە و بۆی هەیە بڕیار بە رەتکردنەوەی بدات ، بۆیشی هەیە ، فەرمان یان بڕیارە تانەلێدراوەکە ئیلغا بکات لە گەڵ حوکم بە قەرەبۆکردنەوەی تانە گرەکە ئەگەر پێویست بکات و داوای کردبێت . ئەم بریارەش یارای ( قابلە) تانەلێگرتنی تەمییزیە لە بەردەم دەستەی گشتی ئەنجومەنی راوێژکاری هەرێمدالە ماوەی ( 30) سی رۆژدا لە بەردەم رۆژی تەبلیغەوە یان بە تەبلیغ حیسابکراوەو ە. چ بریاری تانە لێدراوی دادگاکەو ، چ بڕیاری دەستەی

گشتی ئەنجومەنی راوێژکاری  هەرێم کە لە ئەنجامی تانە لێدانەکەدا دەرچووە ، بنبڕو مولزمە .))

20– دەربارەی ماددەی بیستەم ، کە دەبێتە (ماددەی نۆزدەم) هیچ تێبینیەکی لە سەر نیە.

**لەگەڵ رێزدا**

**حاکم/ عبد الکریم هموند**
**بریاردەر**

**حاکم/ عونی بەزاز**
**جێگری لیژنە**

**شیروان حەیدەری**
**سەرۆکی لیژنەی یاسایی**

**د. نوري طالباني**
**ئەندام**

**طارق جامباز**
**ئەندام**

**کریم بحري**
**ئەندام**

**خلیل ابراهیم**
**ئەندام**

**محمد صالح اسماعیل**
**ئەئدام**

**دلیر محمد شریف**
**ئەندام**

**قادر سعید خضر(زانا)**
**ئەندام**